# فریدریش نیتچه و جیاوازی لەگەڵ فەیلەسوفانی دیکە

Friedrich Nietzsche

نووسینی : نادر فەتحی (شوانە)

بیوگرافی :

١٥ی ئۆکتوبری ساڵی ١٨٤٤ لە ناوچەی زاکسێنی ئاڵمان لە دایك بوو. ساڵی ١٨٥٠ دوای مردنی باوکی بنەماڵەکەی چوونە شاری ناومبۆرگ(Naumburg). ساڵی ١٨٦٤ تا ١٨٦٨ لە زانستگاکانی بۆن و لایپزیك خوێندی. ساڵی ١٨٦٨ چوو بۆ سەربازیی. لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا واتە ساڵی ١٨٦٩ بوو بە پرۆفسۆری ئەدەب و زمانی یونانی لە شاری بازل. ساڵی ١٨٧٠ بە خواستی خۆی لە شەڕی نێوان ئاڵمان و فەرەنسەدا بەشداری کرد و بوو بە تیمارگەری نەخۆش و بریندارەکانی شەر. دواتر بەهۆی نەخۆشی گەڕایەوە شاری بازل. ٢٥ ئاوگوستی ١٩٠٠ لە تەمەنی ٥٦ ساڵیدا لە شاری وایمار (Weimar) کۆچی دوایی کرد.

پێشەکی:

یەکەمین جار کە نووسراوەکانی فریدریش نیتچەم خوێندنەوە دەبوو سێ چوار جار پێیاندا بچمەوە. تێگەیشتنیان بۆمن دژوار بوو. لە ڕاستیدا زمانی ئاڵمانیی خۆی لەخۆیدا و بۆ ئاڵمانیی زمانیش دژوارە. بەتایبەتیی ئەو زمانە ئاڵمانییەی سەدەی نۆزدە نیتچە پێی نووسیوە بۆ فامکردنی من دژوارتر بوو.

نیتچە بیرمەندێکی هەرە بەناوبانگی دژی کلیسا و ڕێو ڕەسمی ئایینی و چەوتیی ئاکار و کردەوەیەک بووە کە سەرچاوەکەی ئایین بێ. نیچە لە سەردەمێکدا ژیاوە کە ئایینی مەسیحی و کلیسا بەسەر کۆمەڵگادا زاڵ بوو. نەترسی ئەو مرۆڤە لەبەرامبەر کلیسا و قانوونەکانی، هێزی فکریی و توانایی ئیستیدلال و سیحری کەلام و ڕەوانیی وتە، بیرمەندیی و نیشاندانی بەدیلی بەرچاوتەنگانی ئایینی بۆوەتە هۆی نووسینی ئەم چەند دێڕە.

لێرەدا جێی خۆیەتی دەستخۆشی و ماندوونەبوونی لە برای گەورە و مامۆستای خۆشەویست کاك حەسەن ئەیوب زادە بکەم کە بە پێداچوونەوە بەسەر ئەو نووسراوەیەدا، هەڵەکانی ڕاست کردوومەتەوە.

گەلاوێژی ٢٠١٠ نادر فەتحی (شوانە)

دژبەرانی فەلسەفەی نیتچە هەوڵیانداوە نووسراوە بڵاوکراوەکانی وا نیشان بدەن کە بە پێی کات بۆچوونەکانی گۆڕاون و بە راستەڕێیەک دا تێنەپەریوە و بەردەوام بە رێچکە رێیاندا لاڕێ بووە.!

بە بڕوای من ئەو رەخنەیە بۆ بۆچوونەکانی نیتچە لە جێدانییە. بەپێچەوانەی وتەی رەخنەگران، نیچە بە شێوەیەکی سیستماتێك پەرەی بە وشەی فەلسەفیی و یاسا سروشتی یەکانی داوە. بەرە بەرە بە دیتنەوەی وشەی پڕبەپێست و بەڵگە و لۆژیکی دروست بەرەو بەرزترین پلەی بردووە. کتێبەکان و نووسراوەکانی بەڵگەن بۆ چەسپاندنی ئەو بۆچوونە.

سەبارەت بە کاراکتێر و کەسایەتی نیتچە، ئەو خۆی بە "سەرشێت، تەنیا و بێ هەڤاڵ" ناو بردووە. وەك خۆی دەڵێ لە ژیانیدا هیچ کەس یارمەتیی نەداوە. لە هەووراز و نشێوی ژیاندا تەنیا بووە و لەگەڵ گرفت و کێشەکانی ژیندا بە تەنیا دەست و پەنجەی نەرم کردووە. بە بڕوای من رێڕەوێکی ئەوتۆ، دەبێ خۆ لە خەڵك لادا. هەرئەوەش بۆتە هۆی ئەوە کە نیتچە ڕێگای تایبەتیی خۆی بدۆزێتەوە. مرۆڤ کە نووسراوەکانی نیتچە دەخوێنێتەوە بە بێ ئیختیار شەیدایان دەبێ و پێیخۆشە بیانخوێنێتەوە و باوەڕیان پی بکا. لە کاتێکدا نیتچە ئامۆژگاریی مرۆڤ دەکا کە لە "باوەڕکردن " بەهەر شتێك خۆبپارێزن و لە کتێبی Zarathustra[1]" زاراتووسترا (زەردەشت ئاوای گوت) دا روو دەکاتە لایەنگرانی خۆی و دەڵێ:

**"ئێوە دەڵێن باوەڕتان بە زاراتوسترا هەیە؟ بەڵام زاراتوسترا چی تێدایە کە ئێوە هۆگری بن! لە کوێوە دەزانن کە زاراتوسترا بە ڕێگای هەڵەدا ناتانبات! ئێوە باوەرتان بە من هەیە؟ چ شتێك لە باوەڕپێکراواندا بەدی دەکرێ! ئێوە هێشتا بە باشی لە ڕێگایەك نەگەڕاون، کەچی منتان دۆزیوەتەوە! هەر بەو هۆیەوەیە کە هەموو باوەڕەکانی دیکەتان کەم بایەخن و هیچیان لێ هەڵناوەرێ! بە بۆچوونی من بۆ ئەوەی خۆتان بدۆزنەوە دەبێ من فەرامووش بکەن. ئەوکات کە منتان وەلانا و رێگای خۆتان دۆزییەوە پێم خۆشە بگەڕێنەوە بۆ لای من "!**

نیتچە نە ئاگرکەرەوە بووە و نە پێشەوای ئایینی و نە بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی بانگی داوە. نیچە ئارەزووی ئەوە بووە کە مرۆڤ، ڕێگای ژیانی خۆی بێ چاولێکەریی لە پێشینیان بدۆزێتەوە. خۆی بیربکاتەوە و بە چاوی کراوە و بێ ئەوەی جەغزێک بەدەوری خۆدا بکێشێ، سەیری ئەم دنیایە و دەوروبەری بکات.

نیتچە دەڵێ :

**هرگیز پێمخۆش نەبووە لە ناو کۆمەڵدا بدوێم. لەوە ترساوم کە نەکا خەڵکی باوەڕم پێ بکەن یان ببنە لایەنگرم.**

من پێموایە زەردەشت و هەموو ئەو مرۆڤانەی پێش ئەو و دوای ئەویش کە تەنیا بۆ باشترکردنی ژیانی مرۆڤ هەوڵیان داوە و ڕێنوێنییان کردوە، ئەگەر بیانزانیبایە بۆچوونەکانیان بە

شێوەی باوەڕ و ئایین دەبێتە گورزی دەستی حاکمان و دژی خەڵکی فەقیر و هەژار کەڵکی لێوەردەگرن، هیچکات ئەو کارەیان نەدەکرد. بە درێژایی زیاتر لە ٣٠٠٠ ساڵ مێژووی ڕابردوو بۆمان دەرکەوتووە کە حاکمان باشترین چەك واتە "خودا" و"ئایین"یان بۆ قەناعەت پێهێنان و ئارامڕاگرتن و لەغاوکردنی مرۆڤ لە کۆمەڵگادا دۆزیوەتەوە. کە بوونی خودایان سەلماندووە و ئایینیان پەرە پێداوە بۆ ئەوە بووە کە حوکمکردنیان بەسەر خەڵکدا رەوا و سروشتیی بێ. هەزار و یەك تایبەتمەندیی ئەرێیی یان بۆ خودا دروستکردوە. ئێژن خودای زانا توانایە، دادگەرە ، دلۆڤانە و هتد... " بەڵام هاوکات زوڵم و زۆر و هەژاریی و چارەڕەشی خەڵکیشان هەر بە خوداوە لکاندووە کە دژ بەو تایبەتمەندییانەن کە پێشتر بۆ خودایان ساز کردووە. سەیر ئەوەیە ئەو "باوەڕ"ە کە نیتچە باسی دەکا و نەیوێراوە خۆی لێبدا، هێندە بەهێز وماڵوێرانکەرە کە خەڵك خۆیان دوای بەسەر هاتنی ئەو هەموو زۆڵم و چارەڕەشییە، شوکری خوداش دەکەن و داوای لێبووردن لە خودا دەکەن کە کارەساتی بەسەر هێناون! تەنانەت بۆ زیاتر باوەڕپێهێنانی خەڵکی بەو خوڕافاتانە، کارەساتە سروشتییەکانی وەك سێلاو و نەخۆشی و بۆمەلەرزە و ... ش هەر بە کاری خودا دژ بە کفر و خودا نەناسی و ناشوکری کردن دادەنێن.

نیتچە دەڵێ :

**"مرۆڤ تەنافێکی لە مابەینی ئاژەڵ و "مرۆڤی کامیل[2] " ڕایەڵ کردووە. بن ئەو تەنافە دۆڵێکی قووڵ و بێ بنە.**

**تەنافیکی مەترسیدار کە ڕێگایەك بەرەو نەمان نیشاندەدا. ڕێگایەك کە تەنانەت ئاوڕدانەوە، ڕاوەستان و سەیرکردنەکەشی پڕ لە مەترسییە.**

**ئەوەی لە مرۆڤ دا مەزنە، پرد بوونی مرۆڤە نە ئاکام. ئەو خۆشەویستییەی لە مرۆڤدا بەدی دەکرێ، دەتوانێ ببێتە هۆی "مان" و "نەمان"ی خۆی.**

نیتچە لەسەر ئەو بڕوایە بووە کە زەختی ئایین لەسەر کۆمەڵگا مرۆڤی فێری داب و نەریتی هەڵە کردووە. ئەو شتانەی بە کاری چاك و ویچوو داندراون، دەکرێ نەباش بن و خەڵکییان بە پێچەوانەی ڕاستیی ڕاهێنابێ. هیوای مەزنی نیتچە ئەوە بووە کە مرۆڤ لە تروپکی ساخیی ودەسەڵاتداریی و پێشکەوتوویی‌دا ببینێ. بەتایبەت گرنگیی داوە بە ڕاستیی و ڕاستەقینە و ناراستیی کە لە زۆربەی کتێبەکانیدا بە تەوەری سەرەکیی داناون.

نیتچە دەڵێ:

**" بڵێی کارتێکەریی ناڕاستییەکان لەسەر بەختەوەریی مرۆڤ باشتر بن لە کارتێکەری ڕاستییەکان؟** واتە ئەوەی کە تا ئێستا بە ڕاست داندراون ؟ **" ئایا بەسوود بوون و نەبوونی ئەو ڕاستییە داتراشاوانە بۆ ژیان سەلمێندراون؟ ئایا ئەو کەسانەی بڕیاریان لەسەر ڕاستییەکان داوە لای خۆیان وەڵامی هەموو پرسیارەکانیان داوەتەوە؟**

کەسایەتی نیتچە دەگاتە ڕادەیەك کە تەواوی هێزی خۆی بۆ بە هێزکردنی مرۆڤ و کۆنترۆڵکردنی خۆی ، تەرخان داکات. ئەو تەنیا ئەوکات هەست بە بەختەوەری دەکات کە ڕووداوەکانی ژیان بکاتە ئەمرازێك بۆ بەرزبوونەوەی وزەی ژیانی خۆی.

نیتچە هەمیشە ئەو کارەی بە لاواز زانیوە کە مرۆڤ خۆی لە چواچێوەی بیر و بۆچوون دا قەتیس بکات. لە هەڵس و کەوتی ژیانی خۆی لاسایی کەسی نەکردووەتەوە ولەسەر ئەو بڕوایە بووە کە مرۆڤ خۆی بە باوەڕ بە خۆی دەتوانی هەڵس و کەوت بکات. تەنیا مرۆڤی بەهێز و بەتوانا دەتوانن بەسەر چەشنی بیرکردنەوەیاندا زاڵ بن و هەڵس و کەوتی خۆیان دیاری بکەن.

مرۆڤ هەن کە خۆیان بە "بیرمەندی ئازاد" نێودێر کردووە و ئەو یاسا و بۆچوون یاخود هەڵس و کەوتانەی لە لایەن مرۆڤەکانیترەوە داندراوە دەسەلمێنن و یا وەك مناڵ و دایك و باوك و بەشی زۆری کومەڵگا ئوتوماتیکیی و بێ ئەوە بیری لێ بکەنەوە بە باوەڕی ناو کۆمەڵگا دا خۆتەیار دەکەن. نیتچە ئەو کەسانە بە لاواز دەزانێ. ئەو پێیوایە کە ئەو کەسانە هەڵس و کەوت و مامەڵە لەگەڵ سروشتی خۆیان ناکەن، بەڵکوو خۆ فریودەدەن و بە شتی نەسەلمێندراو و فەنتازییەوە دەنووسێن. لە چاوی نیتچەوە ئەو بەردەیەی وەدوای فەرمانی ئاغاکەی کەوتووە، یا ئەو دەروێشەی بەهۆی ئایینەوە کوێر بووە و لە دنیای خۆیدایە و هەروەها ئەو کەسەی وەدوای قسەی زلی

فەیلەسۆفان کەوتووە، هەر هەموویان وەکو یەکن و دژ بە سروشتی خۆیان دەجوولێنەوە.

مرۆڤی بەتوانا بۆ دیتنەوەی ڕاستەقینە هەرگیز خۆی بە هیچ شتێکەوە نابەستێتەوە. خودا، فەیلەسۆف و ئاغا هەرسێکیان تەنیا بۆ وەدەستهێنانی دەستەڵات دەستوور دەدەن. ڕێگا دیاری دەکەن و بە یاساکان و یاساغەکانیان هەوڵی گۆڕینی مرۆڤ و بیرو باوەڕەکەی دەدەن. دەبنە لەمپەرێك لە بەرانبەر بیر کردنەوە و هەڵس و کەوتی مرۆڤ. ناهێڵن مرۆڤ ڕێگای سروشتیی خۆی ببڕێ. هەروەها پێش بە پەرەسەندنی مرۆڤ و کۆمەڵگا دەگرن. هۆی پێکهاتنی ئەو چەشنە مرۆڤە تەنیا لە لاوازیی مرۆڤە وە پەیدادەبێ. ئەگەر مرۆڤ هێزی باوەڕ بە خۆی تێدا بەتوانا بێت، هیچکات نابێتە بەردە و دیل و دەروێش و سۆفی. ئەو کەسەی بەتوانایە و پنجی ڕاستەقینەی لە زەوی ڕۆچووبێ و دڵخۆش بە ژیانە، هیچکات وەدوای خەیاڵ ناکەوێ. خۆی لەو دنیایەدا بە بەختەوەر دەبینی و دنیایەکیتری ناوێ. بەڵام بەداخەوە مرۆڤە لاوازەکان، نەخۆشەکان، ناڕازییەکان، فەناتیکەکان و ... دەبنە هۆی پەرەپێدان و ژیانەوەی ئەو بیر و بۆچوون و خوو و خدە کۆنانە و لە نەهایەتدا کۆمەڵگاشی پێ نەخۆش دەکەن. نیتچە **"نا"** دەڵێ بۆ ئەو دنیا خەیاڵییەی سازیان کردوە و تەواوی هەوڵی خۆی تەرخان کردووە بۆ وەخەبەرهێنانی مرۆڤی نووستوی ئەو سەردەمە.

بۆ نیتچە تەنیایی و تەنیابوون گیراییەکی تایبەت بەخۆی هەبووە. ئەو تەنیایی خۆش ویستووە و لە کۆمەڵ ڕای کردووە. تەواوی بیر و هۆشی خۆی بۆ گەڕان بەدوای ئەو گەوهەرانەی لە دەروونی کەسایەتییەکاندا شاردراونەتەوە، تەرخان کردوە. ئەو ڕووناکاییەی خەڵکانیتر لێی دەگەڕان، ئەو لێیان هەڵدەهات. ئەو هەوایەی خەڵکانیتر بەکۆمەڵ هەناسەیان تێدا هەڵدەکێشا، پێی خۆش نەبوو هەناسەی تێدا هەڵکێشێ. ئەو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە بەو هۆیەی هەستی ئینسانی و ڕۆحیی و لەشیی خۆی پێویستی بەو تەنیاییە هەیە، دەبێ بە قسەی بکا و هیچ لۆژیکێکیتر نابی جێی بگرێتەوە. هەر ئەو تەنیاییە دەبێتە هۆی وەڕێ خستنی قەتارێك بیرۆکەی ساخ و بەکەڵك. ئەو هیچکات بەخۆی تەڵقین نەدەکرد کە ناتوانێ، بەڵکوو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە مێشکێکی بە توانا دەتوانێ وەڵامی هەموو پرسیارەکانی بداتەوە.

مرۆڤ لە وتەکانی نیتچەدا هەست بە باوەڕبەخۆییەکی زۆر بەهێز دەکات. بۆ نموونە دەڵێ : **من کتێبێکی وەك "زاراتوسترا" بە توانا و پڕمانا و بی لایەنم خستووەتە بەر دەستی مرۆڤ کە تا ئەمڕۆ وێنەی نەبووە.**

یا لە کتێبی "Menschliches, Allzumenschliches " کە ساڵی ١٨٨٠ نووسیویەتی، دەڵێ:

**" ئەو کتێبە رەخنەیە لەسەر زانست، هونەر و تەنانەت سیاسەتی مودێرن. رەخنە لە بەرابەر ئەو مرۆڤانەی بە**

**"ئەرێ بێژ" دەناسرێن. بۆ خۆڕاگری لەبەر ئەو کتێبە مرۆڤ دەبێ نەترس بێ و وشەی ترس نەناسێ.**

ئەوە زۆر گرنگە کە نووسەر یاخود فیلەسوف تەنیا لە دنیای خەیاڵی خۆیدا نەژی ، بەڵکوو بەو شتەی لە مێشکیدایە و دەینووسێ باوەڕ بکات. ئەو فەیلەسوفانەی بە وتەکانی نیتچە پێدەکەنن و بە مەترسیدار بۆ کۆمەڵگای دادەنێن، خۆیان هیچ شتێك نین جیا لە دووپاتکەرەوەی وتە گوتراوەکانی پێش خۆیان و هەروەك باوە هەرکەسێکیتریش جیا لەو قسانە بکات بە هەڵەی دەزانن و بە گشتی دژ بە ئاڵوگۆڕ و داهێنانی نوێن! نیتچە بە بیرە بەرزەکانی و بە هێرشبردن بۆ ناوەوەی نهێنییەکانی سروشتی مرۆڤ زیاتر لەهەموو فەیلەسوفانی تر کە خۆیان تەنیا بە چەکی لۆژیکیی تەیار کردووە، شوێنی خستووەتە سەر مرۆڤ . کاتێك ئێمە بەهۆی بیرۆکەی بەمانا و پڕبەها لەسەر نهێنییەکانی دەروونی و سروشتی خۆمان ئاگادار دەکرێینەوە، زیاتر هەست بە ڕاستی بوونی شتەکان دەکەین تا لۆژیك بوونیان. بۆ دیتنەوەی ژیانێکی ڕاستەقینە ئەوە تەنیا لۆژیك نییە کە ڕێنوێنیمان دەکات بەڵکوو پەروەردەکردنی بیر و بە چاوێکی کراوە و بەتایبەت بە چاوێکی ڕەخنەوە سەیری دنیای دەورو بەرمان کردن، دەبێتە هۆی باشترین شێوە بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکانی ژیان. نیتچە لە تەواوی قۆناغەکانی ژیانیدا دژبە ئیدئالیزم وەستا بەتایبەت دژبە خوو و خدە سازکراوەکانی مرۆڤ بوو و پێی وابووە دووپاتکردنەوە و بەسەر ڕێگای خەیاڵیی ئایینییەکاندا ڕۆیشتن، هەڵەیە.

کاتێك نیتچە دەکەوێتە ناو شەڕێکی رۆحیی دژە باوەڕ، مەبەستی تێکشکاندن و لەناو بردنی باوەڕەکانیتر نییە، بەڵکوو نیازی هەست پێکردن بە چەشنی ژیان و تێگەییشتن لە لایەنە زیانبارەکان و روونکردنەوەی لایەنە سروشتییەکانی دەروونی مرۆڤە. هەوڵی ئەو بۆ ئەوەیە کە مرۆڤ دەرفەتی بیرکردنەوە و هەڵبژاردنی رێی هەبێ و وەك مەڕ مەجبوور بە وەدواکەوتنی بێ ئیختیار نەبێ. ئەو شەڕ بۆ ئەوە ناکات کە باوەڕێك لە جێی یەکیتر دابنێت، بەڵکوو تەنیا بۆ لەناوبردنی عادەتە ناڕاستەکانی مرۆڤ هەوڵ دەدات. جیاوازیی نێوان نیتچە لەگەڵ باوەڕمەندەکانی دیکە ئەوەیە کە ئامانجی ئەوانی دیکە بەدەستەوە گرتن و بەهێزکردنی دەستەڵاتە، بەڵام تەنیا ئامانجی نیتچە گەییشتن بە خوو و خدە ڕاستەکانی مرۆڤە.

بۆ ناساندنی هەندێك لە کارەکانی نیتچە لێرەدا ناوی چەند کتێبی بە زمانی ئاڵمانی دەهێنمەوە:

Also sprach Zarathustra

Der Antichrist

Der Fall Wagner

Der Wanderer und sein Schatten

Die fröhliche Wissenschaft

Die Geburt  der Tragödie

Nietzsche, Gedichte

Ecce homo

Götzen-Dämmerung

Jenseits von Gut und Böse

Menschliches, Allzumenschliches

Morgenröthe

Unzeitgemässe Betrachtungen

Über Wahrheit und Lüge

1. ئەو کتێبە لەسەر گوتەکانی (زەردەشت) نووسراوە.

2.مەبەست لە مرۆڤی کامیل  پەسنی ئەو مرۆڤەیە کە  لەباری بیر و بڕواوە تاک و تاقانەیە واتە **"لە مرۆڤ بەرەوژوورترە"**.